وانەی 42
1. نوێژ و نزا
پێشڕەوی گروپ: هەوڵبدە نزا و پاڕانەوە بکەیت و دروستکردنی قوتابی بە گروپەکەت بسپێریت
2. بەشداری: 20 خولەك (نحەمیا)
ئێستا پێویستە بەیەکەوە ئەو شتانە باس بکەن کە لەو کاتەتاندا فێری بوون کە خەریکی خوێندن بوون لە ئینجیلدا (نحەمیا 4، 8، 9، 10) هەوڵبدە گوێ بگریت بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداریت لەگەڵ دەکەن و شتەکانیان بە جدی وەربگرە, بەڵام گفتوگۆی لەسەر مەکەن.
3. ئەزبەرکردن 20 خولەك
خزمەتگوزاری: مەرقۆس 10: 45
أ- بیرکردنەوەی قووڵ
"مەرقۆس 10: 42 ـ 45" بخوێنەوە (عیساش بانگی کردن و پێی فەرموون: (دەزانن ئەوانەی بە سەرۆك نەتەوە دادەنرێن ئاغایەتی دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا جێبەجێ دەکەن. بەڵام لەنێو ئێوە ئاوا نابێت، ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان. ئەوەش کە دەیەوێت لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەی هەمووتان. چونکە کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و لە پێناوی زۆران ژیانی خۆی بەخت بکات.)

ئەم ئایەتەی خوارەوە بۆ ئەزبەرکردنە:
لەسەر تەختەیەکی سپی یان ڕەش بینوسەوە،
سەرچاوەی ئایەتەکەی ئینجیل لەسەر پشتی کارتەکەت بنووسە.

1. فەرمانڕەوایانی مەسیحی
چۆن زۆربەی سەرکردەکان لە جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکەن؟ عیسا بۆمان باسدەکات کەسەرکردەکانی جیهان خۆیان وەکو سەرکردە پیشان دەدەن و خەڵکیش بەسەرکردەیان دەزانێ, بەڵام لەلایەن خوداوە هێشتا سەرکردەی ڕاستەقینە نییە, ئەوان وا دانراون کە سەرکردەن, بەڵام هەندێك جار ناتوانن ببنە سەرکردەی ڕاستەقینە، عیساش ئەوەمان بۆ باسدەکات و دەڵێت ئەگەر ئەوانە سەرکردە بن ئەوا بە تەواوەتی جیاواز دەبن.
سەرکردەکانی جیهان هەموو وزە و سامانی خۆیان دەخەنە گڕ تاوەکو بگەنە لوتکە لە دەسەڵاتدا, کە گەیشتنە دەسەڵات و لوتکە, وادەکەن کە هەموو خەڵك دەبێت کێشی ئەوان بزانێت لە دەسەڵاتدا, هەروەها تەنها بیر لە خۆیان دەکەنەوە و بیر لەو خەڵکانە ناکەنەوە کە لەژێر کۆنتڕۆڵی ئەواندان. زۆر جار دەسەڵاتی تاکڕەوی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. هەروەها بە زەبروزەنگ فەرمان بەسەر خەڵکیدا دەدەن, هەوڵدەدەن کەس سنووری دەسەڵاتی لەوان فراوانتر نەبێت و تێ نەپەڕێت. هەندێك جار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا ئەم دەسەڵاتەی پێ بەخشیون. لێرەدا کە ووشەی ڕەنجدەرمان بەکارهێناوە زیاتر لایەنە نەرێنییەکە دەگرێتەوە, واتا وەکو کۆیلە و کارکەر ئازادی نییە دەبێت و خزمەتێك بکات.
2. قوتابیەکانی عیسای مەسیح دەبێت خزمەتکاری خەڵك بن
چۆن دەبێت سەرکردە و پێشڕەوە مەسیحییەکان پێشڕەوی بکەن؟ عیسای مەسیح فێرمان دەکات کە چۆن وەکو مەسیحی پێشڕەوایەتی خەڵك بکەین و لە سەرکردەکانی جیهان جیا دەکرێینەوە. هەروەکو عیسا فێرمان دەکات کە هەرکەسێك دەیەوێ سەرکردەی گەورە و

بەناوبانگ بێت دەبێت خزمەتکاری خەڵك بێت. عیسا دەڵێت کە شکۆمەندی و مەزنی لە شانشینی خودا لە ڕێگای خزمەتەوە بەدەستدێت, ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێگایەیە کە ئەمڕۆ بێباوەڕان لە جیهاندا پەیڕەوی دەکەن. عیسا پێمان دەڵێت کە پێویستە خۆمان بەدووربگرین لە خۆپەرستی و زاڵبین بەسەر هەواو ئارەزووماندا, تاوەکو ناوبانگمان هەبێت و ئامانجەکانمان بێنە دی.
ئەوەی لێرەدا جیاوازە ئەوەیە کە خزمەتکاری مەسیحی هیچ زەبروزەنگی لەسەر نیە و خۆی بە سەربەستی کارەکانی دەکات و خزمەت دەکات، ئەمەش پێچەوانەی کۆیلە و کۆیلەگەریەتییە بە مانا بنەڕەتییەکەی.
3. نموونەی دەسەڵاتدارێتی عیسای مەسیح:
عیسای مەسیح پێشڕەو و خزمەتکارە، عیسا پادشای پادشاکان و خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو خاوەن دەسەڵاتەکانی سەر زەوی (بینین 19: 16) هێشتا لە یەکەم هاتنیدا بۆ سەر زەوی بۆ ئەوە نەهات خزمەت بکرێ، بەڵکو بۆ خزمەتکردن هات, عیسا لە ڕێگای خزمەتەوە پێشڕەوی خەڵکی کرد.
پارەی کڕینەوەی کۆیلە
ئەو پارەیەبوو کە دەدرا تاوەکو کۆیلەیەکی پێ ئازاد بکرێ, عیسای مەسیحیش لەجیاتی ئەو پارەیە ژیانی خۆی بەخشی بۆ ڕزگارکردنی بەندەکان, ئەمەش قوربانییەکی گرینگ بوو کە خودا پەسەندی کرد. عیسا ئەو ژیانەی بە کێ بەخشی؟ نەیبەخشیە شەیتانو چونکە ئێمە بەندەی ئەو نین، بەڵکو بەخشیە خودا, ئەمەش تاوەکو خودا ڕازی بکات تا لە گوناهەکانی مرۆڤ خۆش بێت, کەواتا لە دونیا کێ سوود لەو کارە دەبینێ کە مەسیح ئەنجامی دا؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم کارەی عیسای مەسیح بۆ هەموو خەڵکی بەسودە, ئەوانەی شوێن ئەو دەکەون فەرمانەکانی جێبەجێدەکەن. لە "ئیشایا 53: 8" باسدەکات بۆ سنوور بەزێنان و ئەوانەی کاری خراپ دەکەن ئەوانە هەمیشە دۆڕاون. لە "مەتا 1: 21"دا دەڵێت ناوی عیساتان لەیاد بێت ئەو کە ڕزگارکاری خەڵکە لە گوناه و تاوان, هەروەها لە "یۆحەننا 6: 39"دا دەڵێت: ئەوەی خودا بەمنی بەخشیوە لەدەستم ناچێت و پاداشتی هەیە. لە "کردار 20: 28"دا دەڵێت مەسیح بە خوێنی خۆی کڵێسای کڕییەوە. لە "ڕۆما 8: 32 ـ 33"دا دەڵێت خودا هەموو شتێکی بۆ ئێمە بەخشیوە بە عیسا، عیسا ژیانی خۆی کردە قوربانی نەك تەنها بۆ هەندێك خەڵکی کەم، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی شوێن بەرنامەکەی ئەو دەکەون. لە "بینین 7: 9"دا دەخوێنینەوە کە یۆحەننا حەشامەتێکی زۆری بینی کە لەژماردن نەدەهاتن تێکەڵ بوون لە هەموو نەتەوە و هۆز و زمانێك لەبەردەم عەرشی خودا و لەلای عیسای مەسیح.
4. خزمەت لە ئینجیلدا
دەربارەی خزمەتگوزاری مەسیحییەکان لەبەشی خزمەتکاری باوەڕداران و بێ باوەڕان لە نامیلکەی 12 پاشکۆی یەکدا زانیاری زۆری تێدایە.
ب- ئەزبەرکردن و پێداچوونەوە.
1. بنووسە: ئایەتی ئینجیل لەسەر کارتێکی بۆش یان لە پەڕەی دەفتەرەکەتدا.
2. ئەزبەر بکە: ئایەتی ئینجیل بە باشترین شێوە، "مەرقۆس 10: 45".
3. پێداچوونەوە: دابەش بن بەسەر دوو گروپ, با هەریەکەتان پێداچوونەوەی بە هی ئەوەی دیکە بکات کە ئەزبەری کردووە.
4. خوێندنەوەی ئینجیل: 70 خولەك
جەنگی ڕۆحی لە جیهاندا "ئەفەسۆس 6: 10 ـ 20"
پێنج ڕێگاکەی خوێندنەوەی ئینجیل بەکار بهێنە و "ئەفەسۆس 6: 10 ـ 20" بەیەکەوە بخوێننەوە.
هەنگاوی یەکەم: بخوێنەوە (کتێبی خودا)
بخوێنەوە، با بەیەکەوە "ئەفەسۆس 6: 10 ـ20" بخوێنینەوە.

با هەریەکەمان ئایەتێك بخوێنینەوە تاوەکو تەواو دەبێت.
هەنگاوی دووەم: بدۆزەرەوە (پەیڕەوکردن)
ڕەچاوبکە: کام ڕاستییەی ئەو بەشە بۆ تۆ گرنگە؟
یان کام ڕاستییەی ئەو بەشە فێری شتی زۆررت دەکات؟
تۆمار بکە: ڕاستییەك یان دوو ڕاستی کە دۆزیوتەتەوە و تێیان دەگەیت، بیریان لێ بکەوە و ئەو لێکدانەوە و بیرلێکردنەوانەت لە دەفتەرەکەتدا بنووسە.
بەشداری بکە: (دوای ئەوەی ئەندامانی گروپ نزیکەی دوو خولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و نوسین ئێستا بەیەکەوە بەشداری بکەن) با هەریەکە لەگەڵ ئەوی دیکە بەشداری بکات و بزانێ چی دۆزراوەتەوە، ئەوەش بزانە لە هەر گروپێکی بچوك ئەندامانی گروپ شتی جیاواز دەخەنە ڕوو.
6: 12 / دۆزینەوەی یەکەم: شەیتان و سوپا و داروەستەکەی دوژمنی ڕاستەقینەن.
هەموو هەوڵ و ماندووبوونێك دەدەن تاوەکو هەڵمخەڵەتێنن و تووشی شکست و دۆڕانم بکەن، چەندین ڕۆژی خراپ هەن کە تێیدا شەیتان هێرشم دەکاتە سەر، لەبەر ئەوە من لە ئینجیلەوە دەربارەی پلانەکانی شەیتان فێردەبم, مەبەستیشی دوورخستنەوەی کتێبی خودایە لە دڵ و دەروونی خەڵك (لۆقا 8: 12)، هەمیشە درۆ بۆ خەڵك دەکات و خەریکی ساختەکارییە (یۆحەننا 8: 44) هەمیشە هەوڵ دەدات بیر و هۆشی خەڵکی کوێر بکات و وایان لێبکات کە دووربن لە جێبەجێکردنی پەند و ئامۆژگارییەکانی مەسیح (لۆقا 4: 6 ـ7)وە هەوڵدەدات ئینجیل بە هەڵەو چەوت بۆ خەڵکی لێك بداتەوە (لۆقا 4: 6) هەوڵی نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی دەدات لە نێوان خەڵکی مەسیحیدا (مەتتا 13: 37 ـ 41). خەڵك فریودەدات بۆ کاری سێکسی و تاوان, بە تایبەتی کاتێك کۆنتڕۆڵی خۆیان لەدەستدەدەن (1 کۆرۆنسۆس 7: 5) یارمەتی بڵاوکردنەوەی فێڵ و تەڵەکەبازی دەدات بە هۆی وانەبێژی ساختەو درۆزنەوە (1 تیمۆساوس 4: 1ـ 3).
6: 11/ دۆزینەوەی دووەم: پەیوەندی نێوان:
لەلایەك هەموو چەکە ڕۆحیەکان، کە لە سوپا و گەلی خودا پێك دەهێنن لەلایەن خوداوە دێن. خودا ئەو چەکانە دروستدەکات و دەیداتە سەربازەکانی، لەلایەکی دیکەوە سەربازی مەسیحی دەبێت چەکەکەی لە دژی تاوانباران و خراپەکاران بەکاربهێنێت. کەواتە لە جەنگی ڕۆحیدا بە تەواوەتی پشت بە خودا دەبەستین، من بەهێز دەبم, بەڵام بە هێزی خۆم نا، بەڵکو بە هێزی خودا، دەبێت خۆت بگریت بەرامبەر شەیتان و دارو دەستەکەی.
هەنگاوی سێیەم / پرسیار (ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردن)
ڕەچاو بکە: چ پرسیارێك کە دەربارەی هەرشتێك بێت لەو دەقەدا هەیە و دەتەوێت لە گروپەکەتی بکەیت؟
با لە هەموو ڕاستییەکان بگەیت کە لە (ئەفەسۆس 6: 10 ـ20)دا هەیە، هەروەها پرسیاری ئەو شتانە بکەین کە ئێمە تێیان ناگەین.
تۆمار بکە: پرسیارەکان بە شێوەیەکی گونجاو دروستبکە پاشان پرسیارەکانت لە پەڕەی دەفتەری تێبینیەکانتدا بنووسە.
بەشداری بکە: دوای ئەوەی کە ئەندامانی گروپ هەریەکەو نزیکەی دوو خولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و نوسین، با هەریەکەو پرسیاری خۆی بکات.
گفتوگۆ بکە: پاشان چەند پرسیارێکی کەم هەڵبژێرەو هەوڵبدە لە ڕێگای گفتوگۆکردنیان بەیەکەوە وەڵامیان بدەیتەوە.
ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەو پرسیارانەن کە لەوانەیە قوتابیان بیکەن دەربارەی گفتوگۆکان:
6: 12 / پ1: جەنگی دەروونی (کۆششی ئێمە) چییە؟
سەرنج: ئینجیل پێمان دەڵێت کە جەنگی ئێمە دژی خەڵك نییە، بەڵکو لەڕاستیدا دژی هەموو ڕۆحێکی شەیتانییە. لەوانە فەرمانڕەوا شەیتانییەکان و هێزە خراپەکارەکان, ئەوانەی

لە ژێر ڕکێفی شەیتان دان. جەنگی ڕۆحی جەنگی جەستەیی نییە، بەکارهێنانی سوپا نییە، چەك یان لە ڕێگای تیرۆر بۆ کوشتنی خەڵك. هەروەها جەنگی ڕۆحی لە جەنگی ئایینی و جەنگی پیرۆز جیاوازە. واتا جەنگی ڕۆحی لە ڕێگای چەك و تەقەمەنی فیزیاوییەوە ناکرێت, جەنگی ڕۆحی واتا جەنگانە دژی هەموو ئەو پلان و نەخشانەی کە شەیتان و شەیتان ئاساکان دایدەنێن لە دژی تۆ. کەواتە مەبەست لە جەنگی ڕۆحی لەلایەك بەردەوامییە لەسەر بیروباوەڕی پێشووت و لەلایەکی دیکەوە دوورخستنەوەی خەڵکە لە تووشبوون بەو داو و پلانە.

6: 14/ پ2: ئایا ئەو پشتێنە ڕاستییە چییە کە پێویستە لە دەوری کەمەری خۆمان بیبەستین؟

سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا ئەو پشتێنەی لە دەوری کەمەر دەبەسترا لەلایەن سەربازە ڕۆمانەکانەوە، بەم شێوەیە قاچ و باسکەکانی ئازادبوون لە ڕۆیشتندا، لە کاتێکدا کە لە شەڕدا نەبوو سەربازەکە قەڵغانەکە و شمشێرەکەی دەخستە پاڵ پشتێنەکەی.

لە جەنگی ڕۆحیدا ئەو پشتێنەیە مانای ڕاستی دەگەیەنێ, مانای دڵسۆزی و حەماسەت، پرسیاری سەرەکی بۆ سەربازی مەسیحی ئەوەیە (ئایا من بەدڵسۆزییەوە دەمەوێ بجەنگم لە جەنگی ڕۆحیدا؟ ئایا من تەواو ڕەزامەندم بۆ جەنگی ڕۆحی؟) پشتێنەی ڕاستی بریتییە لە هاندانی سەربازە مەسیحییەکان بۆ جەنگ.

لە (دادوەران 7: 3) دا بەرگوێمان دەکەوێت کە دەڵێن زیاتر لە 3/2 ی سوپاکە گەڕایەوە ماڵەوە لەبەرئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی دڵسۆز هانەدرابوون بۆ ئەو جەنگە، بەڵام (گدعۆن) و سێ سەد کەسی دیکەی دڵسۆز و جەنگاوەر توانییان بە تەنیا سوپایەکی گەورە تێکبشکێنن.

6: 14 / پ3: ئەو قەڵغانی ڕاستیە چییە کە پێویستە ئێمە لەبەری بکەین؟

سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا قەڵغان ئەو شتەیە کە زۆربەی جەستەی سەربازە ڕۆمانەکانی دادەپۆشی, لە ملەوە تاوەکو ڕانەکانی، لە دوو بەش پێکدەهات, یەکێك پێشەوەی دادەپۆشی و ئەوی دیکەیان بەشی دواوەی دادەپۆشی (بەرگی قەڵغان، 1 سامۆئێل 17: 5، 38) بەم شێوەیە ئەندامە گرنگەکانی وەکو دڵ و سییەکانی سەربازەکە دەپارێزرا.

لە جەنگی ڕۆحیدا ئەو قەڵغانە مانای ڕاستییە, شوێنی ئەو ڕاستییە نییە کە خودا بۆ باوەڕدارانی داناوە، بەڵکو ئەو شتە ڕاستانەن کە خودا بەخشیویەتە مرۆڤ بۆ ژیان و بوونی ڕەوشتی بەرز. پرسیاری سەرەکی بۆ سەربازی مەسیحی ئەوەیە (ئایا من لە ژیانێکی ڕاستەقینە و پیرۆزدام تاوەکو یارمەتیم بدات لە جەنگی ڕۆحی دابم؟) قەڵغانی ڕاستی سەربازی مەسیحی بریتییە لە ورە و توانای ڕۆحی بۆ جەنگان. مەسیحی ناتوانێت دڵنیایی تەواوی هەبێت بۆ ڕزگاربوون. بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی هێرشی شەیتان دایە, لە نوێژ و پارانەوە، لە کار،....... هتد (یاقوب 5: 16) لە (2کۆرۆنسۆس 6: 6 ـ7) دا بۆمان باس دەکات چەکی ڕاستێتی یارمەتی سەربازەکان دەدات تاوەکو دژی هەموو هێرشێك بوەستنەوە لە ڕاست و چەپەوە, ئەم جەنگەش بە جەنگی پاکبوونەوە و ئارامی و دڵسۆزی دادەنرێ.

6: 15/ پ4: ئەو پێڵاوەی ئامادەیە چییە کە پێویستە ئێمە لەبەری بکەین؟

سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا سەربازە ڕۆمییەکان پێڵاوی ئەستوور و بە بزمار قایمکراویان لە پێ دەکرد تاوەکو پارێزگاری لە قاچەکانیان بکات, لەبەر ئەوە سەربازەکە کە بە باشی ئامادە دەکرا بۆ جەنگ, بەم شێوەیە دەیتوانی بۆماوەیکی زۆر بجەنگێت و بەرگری بکات, ئێمە دەزانین کە کاتێك سوپای قەیسەر شوێنێکی زۆری گرت لە ماوەیەکی کەمدا و دوژمنەکانیان بەزاند، ئەمەش لە نموونەی ئەو جەنگانەن.

لە جەنگی ڕۆحیدا پێڵاو واتا ئامادەکاری تەواو بۆ جەنگ, ئەم ئامادەکارییەش لە ڕێگای ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیحەوە دەکرێ، ئینجیل پەیوەندی ڕاستودروست لەگەڵ خودا دروست دەکات. پرسیاری سەرەکی بۆ سەربازی مەسیحی بریتییە لەوەی (ئایا من ئێستا بە تەواوەتی ئامادەم بۆ جەنگی ڕۆحی؟) کەواتە ئامادەکاری ڕۆحی, واتا دەبێت ئەو کەسە

له هەموو ڕوویەکی ڕۆحیەوە پەیوەندی بە خوداوە هەیێت, بۆ نموونە: کەسێك کە دەوڵەمەندە و هەر خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و سامانە و هەوڵنادات دەوڵەمەندییەکەی لە پێناوی خودا بەکاربهێنێت, لەو کەسانە دەژمێردرێت کە ئامادە نییە بۆ جەنگ لە ڕووی ڕۆحیەوە, ئەگەر ئەو شەوە بمرێت هیچ تێشوویەکی پێ نییە (لۆقا 12: 13 ـ 21), ئەو بەڕێوەبەرەی کە بەشێوەیەکی ناشیرین ڕەفتار لەگەڵ فەرمانبەرەکانی دەکات و بەردەوام بە شتی بێهوودە کات بەفیرۆ دەدات و بە تەواوی بێ ئاگایە و ئامادە نییە بۆ گەڕانەوەی گەورەکەی (مەتا 24: 45: 51).
6: 16: پ5/ قەڵغانەکانی باوەڕ و تیرە گردارەکانی کەسێکی خراپ چین؟
سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا قەڵغانی سەربازانی ڕۆمیەکان شێوەی درێژکۆلەو لاکێشەی هەبووو بە چەرمی تایبەتی و بە ئەندازەی (75 × 120 سم) دروستدەکرا, وا دیزاین کرابوو کە پارێزگاری لە دڵ بکات، هەروەها پارێزگاری لە سییەکان و هەموو ئەو ئەندامە گرنگانەی دیکە بکات کە بەر تیرەکانی دوژمن دەکەوتن، ئەو تیرانە پێش ئەوەی بهاویشرێنە بەرامبەر، سووردەکرانەوە و ئامادە دەکران، کاتێك ئەو تیرانە لەو قەڵغانەیان دەدا لێی دەخشان و گڕەکەیان دەکوژایەوە.
لە جەنگی ڕۆحیدا، تیرە گردار و بڵێسەدارەکان دەربڕی هێرشەکانی شەیتانە لەگەڵ شوێنکەوتەکانی. کیفدانی تیرەکان پڕیانە لە تیری بڵێسەدار, ئەوانیش وەکو کێشە و تەنگ و چەڵەمە، هەندێك لە تیرەکانیان وا بونیادنراون کە ببنە هۆی گومان و دووبەرەکی، ئازار و چاوبرسێتی، هیچی، لەخۆبایی، ئیرەیی،.......هتد، لە دڵ و مێشکی خەڵکیدا.
هەندێك جار ئەمانە دەبنە هۆی چاندنی زیوان و گژوگیا لەناو گەنمدا، بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن زۆر کێشە دروست بکەن "مەتتا 13: 25، 38" هەندێك جار ئەمانە زمانیان وەکو تیری بکوژ وایە کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ڕاستییەکان (ئیرمیا 9: 8).
لە جەنگی دەروونیدا، قەڵغانەکە دەربڕی بیروباوەڕە ئەم بیروباوەڕەش بیروباوەڕی مەسیحیە. ئەو بیروباوەڕەی کە خودا و بەرنامەکەی بەڕاست دەزانێت بیروباوەڕ هەم چەکێکی بەرگریکارەو هەم چەکێکی هێرشکاریشە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا بۆ سەربازی مەسیحی بریتییە لە (ئایا بەشێوەیەکی چالاکانە بەڵێن و پەیمانەکانی خۆی بردووەتە سەر بەرامبەر خودا؟) قەڵغانی باوەڕ بریتییە لە توانای سەربازی مەسیحی بۆ بەرگریکردن لەخۆی. بەنموونە: کاتێك کچی (یایرۆس) مرد عیسای مەسیح ئامۆژگاری کرد کە خەمی نەبێت و نەترسێت و، بەڵکو دەبێت باوەڕی هەبێت کە جارێکی دیکە دەژێتەوە (لۆقا 8: 49 ـ 50) لە (1یۆحەنا 5: 4) دا دەخوێنینەوە کە باوەڕ ئەو سەرکەوتنەیە کەبەسەر هەموو جیهاندا دەکرێت بە هۆی کاری بیروباوەڕەوە مەسیحییەکان دەتوانن خۆیان لە گوناه دووربخەنەوە.
6: 17 پ6/ کڵاوی (خوودە) ڕزگاربوون چییە؟
سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا کڵاوەکە لەئاسن دروستکراوەیان هەندێك جار لەمس و چەرم و شتی دیکە دروست دەکرا وە وا دیزایین دەکرا کە پارێزگاری لەسەر بکات .
لە جەنگی ڕۆحیدا ئەو کڵاوەی دەربڕی ڕزگاربوونە لە (1 تسالۆنیکی 5: 8) کڵاو بەمانای دەربڕی (هیوای ڕزگاربوون)یش دێت، لەناوەڕاستی تەنگ و چەڵەمەو ئاریشەدا سەربازانی مەسیحی پێویستییان بە دەستەبەری ڕزگاربوون هەیە بۆ هەردوو کاتی ئێستاو داهاتوو بەبێ ئەمە لەوانەیە واز لە جەنگ بهێنێ ئەمەش بەوەی کە خودا بەردەوام لەگەڵیدایە تەنانەت کاتێك کە بەناو ئاوو ئاگریشدا دەڕوات (ئیشایا 43: 2) وە خودا ڕزگاری دەکات لە ئاریشە و بەڵا (2 تیمۆساوس 3: 11) وا لە سەربازانی مەسیحی دەکات بەهێزو بەردەوام بن بەم شێوەیەو بە دەستەبەرکردنی دڵنیایی لای خودا (فیلپی 1: 6) سەربازە مەسیحییەکان دەپارێزرێن. هەندێك جار ڕزگارکردن دەبێتە چەکێکی هێرشکار لە (زەبوورەکان 40: 1 ـ3) دا ئێمە دەخوێنینەوە کە چۆن داود گۆرانی (سروودی ڕزگاربوون) دەڵێت. دوای ئەوەی خودا ڕزگاری کرد لە نقوم بوون لەکێشەدا ئەو گۆرانی (خودا گۆرانیەکی نوێی بۆ هێنام... زۆر خەڵك هەرچەندە دەترسن و غەمبار دەبن بەڵام پشتیان بە خودا بەستووە

هەروەها خوێندنەوەی بەشی (ڕزگاربوون لە کتێبی عیسادا) بۆ خەڵکانی تر، پرسیاری سەرەکی بۆ سەربازی مەسیحی بریتییە لە (ئایا من پارێزگاری لەبیرو هۆشو عەقڵم دەکەم لەدژی شەیتان و هێرشەکانی، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی دڵنیابم کە پارێزراوم تاوەکو خودا دووبارەو دووبارە لەهێرشەکانی دوژمن بم پارێزێتەوە خودا من بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی کەسانی تر؟) کڵاوی ڕزگاربوون بریتییە لە توانای سەربازی مەسیحی بۆ پارێزگاری لە بیروبۆچوون و هەستی دژی هێرشەکانی دوژمن وە بۆ هێشتنەوەی دڵنیایی.
6: 17 پ7/ شمشێری ڕۆحی چییە؟
سەرنج: لە جەنگی فیزیاویدا، شمشێر هەڵدەگیرێت و بەکاردێت لەلایەن سەربازە ڕۆمییەکان کەواتە شتێکی زۆر نایاب بوو لەوکاتەدا چ بۆ هێرشکاران چ بۆ بەرگریکاران وە بەمەش چەندان سەرکەوتنیان بۆ ڕۆم تۆمارکرد.
لە جەنگی ڕۆحیدا، شمشێر دەربڕی ووشە و کتێبی خوداییە ئاماژە بۆ هەموو ئینجیل ناکات بەڵام تاڕادەیەك بۆ هەندێك شتی ئینجیل، هەمیشە ئەو ڕۆحە هەوڵدەدات کە کێشەو دووبەرەکی نەهێڵێت، ڕق و کینە بەرامبەر ڕاستی نەهێڵێت وە وابکات کە جەنگان لەگەڵ شەیتاندا لەکارە سەرەکییەکانمان بێت. هروەها ڕووناك کەرەوەی ڕێبازی ڕۆشنە. پرسیاری سەرەکی بۆ سەربازی مەسیحی ئەوەیە (ئایا من بەرنامەی خۆم یان بەرنامەی خودایی بەکاردەهێنم بۆ جەنگی ڕۆحی؟) شمشێری ڕۆحی بریتییە لەتوانای سەربازی مەسیحی بۆ هێرش بردن و ڕەتکردنەوەی درۆ وە بۆ ڕازیکردنی خەڵك بەڕاستییەکانی خودا، بەنموونە: کاتێك عیسا فریودرا لەلایەن شەیتانەوە ئەو سێجار شتی ناو ئینجیلی وتەوەو شمشێری ڕۆحی بەکارهێنا تاوەکو تەڵەو داوی شەیتان نەهێڵێت. عیسا بەردەوام باسی ئینجیلی دەکرد چ لەکاتی فێرکردنی خەڵك دەربارەی جیهانشینی خوداو چ بۆ وەڵامی پرسیارەکانیشیان.
6: 18 ـ 20 پ8/ ئایا نوێژ و نزا بەشێکە لە جەنگی ڕۆحی؟
سەرنج: لە ئەفەسۆس ئایەتی 6و 7و 18 ماناکەیان بەیەکەوە بەستراوە کە سەربازی مەسیحی پێویستە شمشێری ڕۆحی بەکاربهێنێت وە دوعاو نزای ڕۆحی بکات لەهەموو بۆنەکاندا (نوێژ و نزای ڕۆحی) واتا نزا بەڕۆح بەگونجان لەگەڵ نیەت و مەبەست هەروەکو لە ئینجیلدا باسی کراوە، سەربازی مەسیحی دەبێت هەموو جۆرە نزایەك بکات بۆ ڕزگاربوون وەکو گریان بۆ یارمەتیدان، داواکاری بۆ پێبەخشینی ژیری، بەدەست هێنانی مافی خۆت، هەروەها سوپاس گوزاری بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانت.
دەبێت بەردەوام بیت لەسەر نوێژکردن و نزا نەك هەر بۆ خۆت، بەڵکو بۆ هەموو باوەڕداران، دوعا بکە کە فەرمان و نیەت و گەورەیی خودا لە دڵی باوەڕداراندا زیاتر و زیاتر بچەسپێت. پرسیاری سەربازی مەسیحی ئەوەیە (ئایا من پارێزراو دەبم لەنزاو نوێژکردندا لەکاتی جەنگی ڕۆحیدا؟) نوێژ و نزا توانای سەربازی مەسیحییە تاوەکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خوداوە هەبێت ئەویش بە هۆی ئەو نوێژ و نزایە. خودا دەتوانێت کێشەو تەنگ و چەڵەمەکانی مەسیحییەکان بخاتە سەر شێوەی هەل و مەرج.
هەنگاوی چوارەم: داواکاری      (داواکارییەکان)
ڕەچاو بکە: کام گرنگییە لەو پاسیجەدا بەداواکای گونجاو دادەنرێت بۆ مەسیحییەکان؟
بەشداری بکەو تۆمار بکە: باهەریەکەمان بەیەکەوە لیستێکی داواکاری دروست بکەین لە (ئەفەسۆس 6: 10 ـ20)
ڕەچاو بکە: کام داواکارییە گونجاوە کەخودا بیەوێت لەتۆ بۆ ئەوەی ببێتە داواکارییەکی کەسی؟
تۆمار بکە: ئەو داواکارییە کەسییە لەدەفتەرەکەتدا بنووسە، ئازادبە لەبەشداریکردنت (بیرت بێت کە خەڵك لەهەر گروپێکدا چەند داواکارییەك دەردەهێنن، ئەمەی خوارەوە لیستێکە لەو داواکارییە گونجاوانە.)
1. نموونەکانی داوکاری گونجاو لە (ئەفەسۆس 6: 10 ـ20)

6: 10 / هەرگیز هەوڵ مەدە کە بەهێزی خۆت لەجەستەو لاشەتدا دەربخەیت.، بەڵکو هەوڵبدە کە هێزو دەسەڵاتت زیادبکەیت بەهێزو دەسەڵاتی خودا و بەبەرنامەکانی ئەو.
6: 11/ هەرگیز هەوڵمەدە کەجەنگی دەروونی بکەیت بەتەنها دووپارچە لەچەکی ڕۆحی، بەڵکو هەموو چەك و زرێپۆشی ڕۆحی ببەستە کە خودا بۆی داناویت، ئینجا بجەنگێ.
6: 11/ وەکو مەسیحییەك هەڵسەو دانیشەو پرۆ و بەڵام لەپەیوەندیدا بە لەگەڵ خوداو وەڕەفتارت لەگەڵ خەڵکدا لەڕوانگەی باوەڕەوە بێت (ئەفەسۆس 2:2، 10 " 4: 1، 17 " 5: 2، 8، 15) وە بەردەوام هەوڵبدە کە دژی شەیتان و داروەدەستەکەی و پلانەکانی بیتەوە.
6: 12/ بزانە کە ئەو جەنگەی مەسیحییەکانی بۆ بانگ دەکرێن هەرگیز دژی خەڵکی دیکە نییە (واتە بەشێوەی خوێن ڕشتن) نییەو ئەو شێوەیە قەدەغەیەو هەرگیز بە هێرش و سەرکوتکردنی سەربازی نییە، بەڵکو هەمیشە دژی ڕۆحی خراپەکارو کاریگەرییە بەدڕەوشتەکان بەکاردێت .
6: 13/ بیرت بێت کە تۆ پێویستیت بەتەواوی چەکی ڕۆحی خودایی هەیە تاوەکو دژی هێرشی شەیتان و کاریگەرییەکانی بوەستینەوە بەبەردەوامی.
6: 14/ پڕیاربدە کە هەرگیز لە جەنگی ڕۆحیدا ڕانەکەیت، بەڵکو بەردەوام خۆت هانبدەو جەنگی ڕۆحی بکە.
6: 14/ پڕیار بدە کە هەمیشە دژی ڕۆحە نەگریسەکان بوەستیتەوەو وە بەشێوەیەکی ڕاست و لادروست بژیت دوور لەفێڵ و تەڵەکە.
6: 15/ پڕیاربدە کە هەوڵبدەیت کەلەپچە نەکرێیت بەکۆت و بەندی شەیتانەکان، بەڵکو کەسێك بە بەردەوام لەگەڵ ئینجیل دابەو چەنگی ڕۆحی بەکاربهێنە.
6: 16/ پڕیاربدە کە چی دیکە بێ دەنگو ون نابیت لەوەڵامی هێرشەکانی شەیتان و هەوڵبدەیت بەرنامەی خودا وەکو خۆی و بێ لادان جێبەجێ بکەی.
6: 17/ پڕیاربدە کە هەست و بیرت نەخەیتە مەترسیەوەو هەردەم لات وابێ کە خودا یارمەتیت دەدات لەکاتە سەخت و دژوارەکان ڕزگارت دەکات.
6: 17 / بڕیاربدە کەلەوەڵامی هێرشەکانی شەیتان و شەیتان کارەکان، ئینجیل وەکو بەرگری بەکاربهێنیت، ئەمەش بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر فریودان و لەخشتە بردن.
6: 18ـ 20 / بڕیاربدە کە هەرگیز نەترسیت لە هێرشی هێزە شەیتانیەکان و بەردەوام لەپەیوەندی دابیت لە ڕێگای خوداوە و لە ڕێگای نوێژ و نزاو هەوڵبدە کەشەڕی ڕۆحی بکەیتە هەلی ڕۆحی.
2. نموونەکانی داواکاری کەسی
أ. دەمەوێت بوەستم لەڕاکردن لە بارودۆخە دژوارەکان وە دەمەوێت بەشداربم لە جەنگی ڕۆحی و پشتێنی ڕاستی ببەستم بەم سپاردەیە، من هەمیشە لەخودا دەپاڕێمەوە تاوەکو ترسم لێ دوور بخاتەوە وە بمکاتە کەسێکی ئازاو چاونەترس وەکو (جید عون)
ب. دەمەوێت قەڵغانی باوەڕ بەکاربهێنم هەرکاتێك هێزە شەیتانیەکان هێرشیان بۆ هێنام کاتێك تیرە بڵێسەدارەکانی دوودڵی، ترس، گومان، ئازار، لەخۆبایەتی، ئیرەییو چڵێسی ڕووم تێبکەن. بە هۆی باوەڕی ڕاستەقینەوە دەمەوێت بەرگەی شەیتان و پلانەکانی بگرم.
هەنگاوی پێنجەم: نزا وەڵام
باهەمووماں بپاڕێینەوە بۆ یەك ڕاستی کەخودا فێری ئێمەی کردووە لە (ئەفەسۆس 6: 10 ـ 20) دا (باسی بکە چ فێربویت لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەو بەشەی ئینجیل ـ ڕاهێنان بکە بۆ نزا لەیەك یان دوو ڕستەدا، بیرت بێت کە خەڵك لەهەر گروپێکدا دەربارەی بابەتی جۆراو جۆر دەپاڕێنەوە)
5. نوێژ و نزا 8خولەك تکا بۆ کردن
بەردەوام بە لەشێوەی گروپی دوو نەفەری یان سێ نەفەریدا. هەریەکەو بۆ ئەوی دیکە بپاڕێتەوە و پاشانیش بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی.
6. ئامادەکاری بۆ ماڵەوە 2 خولەك

بۆ وانەی داهاتوو
(پێشڕەوی گروپ هەوڵبدە لە ڕێگای نوسینەوە یان کۆپی کردن ئامادەکاری ماڵەوە بدەیتە ئەندامەکان)
1. ڕاسپاردە:- ئاگاداربە دروستکردن و پەیداکردنی قوتابی بەئەندامەکان بسپێرە ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوە ئینجیل بەشی (ئەفەسۆس 6: 10 ـ 20) بەیەکەوە لەگەڵ کەسێکی دیکە یان خەڵك.
2. تەرخانکردنی کات بۆ خودا:- ڕۆژانە کاتێك تەرخان بکە لەگەڵ خودا بۆ خوێندنەوە (ئیشایا 2، 3، 4، 5), هەوڵبدە چەند ڕاستیەك دروست بکەیت و دەری بهێنیت.
3. ئەزبەرکردن: خزمەتکردن (مەرقۆس 10: 45) ڕۆژانە بەپێنج ئایەتی لەبەرکراودا بچۆ.
4. نزا:- بپاڕێیەوە بۆ کەسێك یان شتێك لەو هەفتەیەدا و پاشان سەیر بکە خودا چی دەڵێت و چی دەکات لە (زەبورەکان 5: 3)
5. دەفتەرەکەت نوێ بکەوە:- لەسەر دروستکردنی قوتابی، دروستکردنی تێبینی و کات تەرخانکردن و ئەزبەرکردنی ئایەتەکان و خوێندنەوەی ئینجیل.